# گۆڕانی دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر کرداری پەرەپێدانی گوندەکان لەقەزای ڕانیە

د. پشتیوان شفیق احمد    م.ی.هێمن حسێن اسماعیل    م.شاسوار محمد محمود
زانکۆی ڕاپەڕین
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی جوگرافیا

**پێشەکی:**

ئاشکرایە زۆربونی ژمارەی دانیشتوان و ناڕێکی لە دابەشبوونیدا، لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا دادەنرێت بە یەکێك لەگرفتەکانی بەردەم کردارەکانی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەلأیەتی.هەر لەبەر ئەوە پێویستە، بەر لە دانانی هەرکردارێکی پەرپێدان ڕەچاوی دۆخی شێوازو قەبارەی دابەشبوونی دانیشتوان بکرێت،بەواتایەکی تر هەر کردارێکی پەرەپێدان نا گاتە ئامانجی راستەقینەی، ئەگەر دابەشبوونی دانیشتوان وەکو بنەمایەکی سەرەکی کاری لەسەر نەکرێت.

قەزای ڕانیە یەکێکە لە و ناوچانەی کە زۆرترێن گۆڕانی بەسەر هاتوە لەڕوانگەی دانیشتوانەوە، لە لایەنی گەشە ودابەشبوون و پێکهاتەی دانیشتوانەکەی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندییە جوگرافییەکانی ئەم قەزایە، لێرەدا هەوڵدەدەین جەخت لەو گۆرانکاریانە بکەینەوە، کە ئەم قەزایە بەخۆیەوە بینیویەتی لە بواری دابەشبوونی دانیشتوانەکەی و نیشاندانی کاریگەریەکەی لەسەر کردای پەرەپێدانی گوندەکانی.

**گرنگی توێژینەوەکە:** زانینی چونیەتی دابەشبوونی دانیشتوان لەهەر هەرێم و ناوچەیەك، دەبێتە کەرەسەتەیەکی گرنگ بۆ بەردەستی شارەزایان و پلاندانەرانی بوارەکانی ئابووری و کۆمەلأیەتی و ڕامیاری و ژینگە..هتد، بێگومان دەرخستنی چۆنیەتی دابەشبوونی دانیشتوانی قەزای ڕانیە و ئەو گۆڕانانەی کە بەسەری داهاتوە،پەیوەندیەکی پتەوەی بەچۆنیەتی دانانی پلانی پەرەپێدانی گوندەکانەوە هەیە و دەتوانرێ لە ساتی دانانی پلان لە سەرجەم بوارەکان، دەزگا پەیوەندیدارەکان سودی لێوەربگرن.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، دەرخستنی گۆڕانکاریەکانی دابەشبوونی دانیشتوانە لە قەزای ڕانیە و بەستنەوەی ئەم گۆڕانکاریانە بە کرداری پەرەپێدانی گوندەکان و وەدانانی میکانیزمێکی گونجاو بۆ زیاتر بوژانەوەی گوندەکانە لە داهاتوودا.

**گرفتی توێژینەوەکە:** ناڕێکی دابەشبونی دانیشتوان لە قەزای ڕانیە، لەو ڕوانگەیەوە، کە بەشێکی زۆری دانیشوانەکەی لە سەنتەری شارەکان کۆبونەتەوە و بەردەوامبوونی کۆچی گوندشیان و چۆڵبوونیان لە دانیشتوان و کەمبونەوەی دەستی کار تیایدا،وەکو گرفتێکی سەرەکی دەردەکەوێت لە بەردەم کرداری پەرەپێدان.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی ( هەرێمی و شیکاری) بەکارهاتوە،واتا قەزای ڕانیە وەکو هەرێمێکی جوگرافی خراوەتە ڕوو،دواتر شیکاری پەیوەندی نێوان دابەشبوونی دانیشتوان و کرداری پەرەپێدانی گوندەکان کراوە.

**پلانی توێژینەوەکە:** پێکهاتوە لە سێباس، لە یەکەمیان باس لە ناساندنی جوگرافیای قەزای ڕانیە دەکەین ، باسی دووەمیش تایبەتکراوە بە گۆڕانی دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان لە قەزای ڕانیە، وە باسی سێیەم تەرخانکراوە بۆ کاریگەری گۆڕانی دابەشبوونی دانیشتوان لە سەر کردای پەرەپێدانی گوندەکان.

## باسی یەکەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە

### تەوەرەی یەکەم/ تایبەتمەندییە جوگرافییەکانی ناوچەی توێژینەوە

قەزای (ڕانیە) یەکێکە لە قەزاکانی سەر بەپارێزگای سلێمانی و دەکەوێتە باکوری خۆرئاوای پارێزگاکە.ئەم قەزایە تاوەکو ساڵی(١٩٥٦) یەکێك بووە لەقەزاکانی سەر بەپارێزگای هەولێر، بەڵام دواتر خراوەتە سەر پارێزگای سلێمانی(غفور،٢٠٠٥، ١٦). لەڕووی پێگەی ئەسترۆنۆمیەوە (بە ڕوانین لە نەخشەی ١) دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (٣٦,٥-٣٦,٢٨-٣٦) باکوورو هێڵەکانی درێژی(٤٤,٣٣- ٤٤,٦٠) ڕۆژهەلات .بەم شێوەیە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە بەشی باکووری ڕۆژهەلاتی هەرێمی کوردستانی عێراق.

سنوری قەزای ڕانیە لە بواری کارگێڕیەوە لەگەڵ چەند ناوچەیەك دا هاوبەشە بەم شێوەیە،لەبەشی باکوری هاوسنورە لەگەڵ هەریەك لە قەزاکانی (سۆران و شەقلاوە)،کەسەر بە(پاریزگای هەولێر)ن، لە بەشی باشورو باشوری ڕۆژهەلاتیشی هاوسنورە لەگەڵ زێی بچوك و(قەزای دوکان)،لەبەشی ڕۆژهەلاتیشی هاوسنورە لەگەڵ (قەزای پشدەر)، بەشی خورئاوا و باشوری خورئاواشی هاوبەشی هەیە لەگەڵ (قەزای کۆیە)، کەسەر بەپارێزگای هەولێرە.بڕوانە نەخشەی (١).

## نەخشەی (١)

## شوێنی قەزای ڕانیە بەگوێرەی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان




سەرچاوە: : وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ٢٠١٠.

ڕووبەری قەزای ڕانیە دەگاتە نزیکەی (٨٨٤)کلم٢، وەلەڕووی کارگێڕیەوە پێکهاتوە لە (٥) ناحیە، کە بریتین لە:(ناوەندی قەزا و چوارقورنەو حاجیاواو بێتواتە و سەرکەپکان)، وە ژمارەی دانیشتوانی ئەم قەزایە لەساڵی ٢٠١٥ گەیشتۆتە (٢٢٩٩٢٤)کەس (ئاماری سلێمانی،٢٠١٥).

## تەوەرەی دوەم / گرنگی شوێنی جوگرافی قەزای ڕانیە:

١. قەزای لە ماوەکانی ڕابردوو، وەك ئەڵقەیەکی پەیوەندی وابوە، بەهۆی ئەوەی ئەو کاروانە بازرگانیانەی کە لە کۆیەوەبە(ڕانیە)دا تێپەڕیون و و لەوێشەوە بەرەو قەلادزێ دواتریش بەرەو شاری (سەردەشت)ی ئێران ڕۆشتون (دفتر و حسن ، ١٩٥٨، ٤٢٤.).واتە قەزای ڕانیە کەوتۆتە سەرێگای بازرگانی نێوان وولاتی عێراق و ئێران ئەمەش وای کردوە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەڕووی هەڵکەوتەی شوێنییەوە بایەخێکی گرنگی هەبێت بەتایبەتی لەبواری بازرگانی.

وە لە ئێستاشدا شوێنی جوگرافی قەزاکە، گرنگی تایبەتی هەیە، چونکە کەوتۆتە سەر ڕێگەی نێوان قەزای پشدەر و قەزاکانی بەشی باکور و ناوەڕستی پارێزگای سلێمانی ، وێڕای ئەوەی هاوسنورە لەگەڵ هەردو قەزای کۆیە و شەقڵاوەی سەر بە پارێزگای هەولێر، وەك دەزانرێت، لە ئێستادا مەرزی کێلێ بە نیمچە فەرمی کراوەتەوە لە نێوان هەرێمی و کوردستان و ولاتی ئێران، وە ئەوەش گرنگی و بایەخێکی زۆری ئابوری هەیە بۆ قەزای ڕانیە، کە دواجار ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر لایەنی دیمۆگرافی و بازرگانی و گەشتوگوزاری قەزاکە، وە لە کاتی کردنەوەی مەرزی ناوبراو بە شێوەی فەرمی ئەم کاریگەریانە زۆر زەقتر هەستیان پێدەکرێت.

٢. ئەم قەزایە،لەسەر یەکێك لەدەشتەکانی ناوچەی شاخاوی بنیات نراوە،کە بەدەشتی شاخاوی ناودەبرێت، ئەم دەشتە دەکەوێتە لای باکوری زێی بچووك،کە لایەکی پێچاوپێچەو، ڕێڕەوی ئاوی زێی بچوك لەم ناوچەیەدا شێوەیەکی کەوانەیی وەرگرتووە. بەم شێوەیە قەزاکە هەردوو خەسڵەت و تایبەتمەندی ناوچەی (شاخاویی و دەشتایی ) لەخۆگرتوە، بەشی باشوری قەزاکە پێکهاتوە لە دەشت و بەشی باکوریشی پێکهاتوە لەناوچەیەکی شاخاوی(السعدی،١٩٧٦، ٥٠). گونجاوی پێکهاتەی خاکەکەی و لەباری باروودۆخی ئاووهەواکەی، کە سەر بەدەریای ناوەڕاستە، ئەمەش کاریگەرییەکەی لەدیاریکردنی پێگەی ئەستۆنۆمیدا دەردەکەوێت،واتە زستانی ساردو باراناویە هاوینیشی گەرم و وشکە . وای کردوە لە ڕووی بەرهەمداری بەرووبومە کشتوکاڵیەکان ناوبانگ دەربکات، هەڵکەوتەی قەزاکە وای کردوە هەر لەدێرینەوە دانیشتوانەکەی سەرگەرمی پیشەی کشتوکاڵ بن باری ئابووری دانیشتوانەکەی لەسەر ئەم پیشەیە بگیرسێتەوە.

٣. بوونی سەرچاوەئاویەکان تایبەتمەندی شوێنی قەزاکەیان بایەخدارتر کردوە، بەوەی کەزێی بچوك دوای تێپەڕبوونی بەشاری قەلادزی بە دەربەندی ڕانیەدا تێپەڕدەبێت، جگەلەمە چەندین روبارو چەم و جۆگەش لە قەزاکەدا بەدیدەکرێن،کە بەسەرچاوەیەکی سەرەکیی دابینکردنی پێداویستیەکانی دانیشتوان دادەنرێن لەسەر جەم بوارەکاندا. جگەلە زێی بچوك و لقەکانی لەرووی ئاوی سەرزەوی ،ئاوی ژێر زەویشی لە شێوەی کانی و بیر و کارێز تێدایە(ڕەشید،٢٠٠٧ ، ٢٢٣ -٢٦٠).

له دەرئەنجامی ئەو بەشە بۆمان دەردەکەوێت کە قەزای ڕانیە لەڕووی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیاوە خاوەنی چەندین تایبەتمەندی گرنگە، لە ڕوی جیاوازی تۆبۆگرافیا و دەرامەتی ئاو و خاك . ئەمەش هۆکاربوە بۆدروست بوونی گۆرانکاری لە دابەش بوونی دانیشتوان و دەرکەوتنی کاریگەریەکانی لەسەر پەرەپێدانی گوندەکان.

**باسی دووەم: گۆڕانی دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای ڕانیە**

ئامانجی ئەم باسە، خستنەڕوی گۆرانگارییە لە دابەشبونی دانیشتوانی قەزاکە و شیکردنەوەی ئەو گۆرانکاریانە و دیاریکردنی ئەم هۆکارانەی کە کاریگەریان هەبوە، بیگومان دابەشبونی دانیشتوان بە گوێرەی جیاوازی شوێنی کاتی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەم گۆرانکاریانەش ڕەنگدانەوەی دیاری دەبێت لەسەر کردارەکانی پەرەپێدان، بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی بابەتەکە، بە دوو خاڵی سەرەکی ئەم گۆڕانکارییانە باس دەکەین:

١. **گۆڕانی دابەشبوونی دانیشتوان لەنێوان شارو گوند لەقەزای ڕانیە.**

گۆڕانی دابەشبوونی دانیشتوان لەنێوان شارو گوند، لەڕووی ڕیزبەندییەوە لەپلەکانی پێشەوە دێت لە وەرگرتنی پلەبەندیەکانی گرفتی دانیشتوان لە سەر ئاستی جیهانی و هەرێمی .چونکە هەرگۆڕانیك لەم شێوازەی دابەشبوونی دانیشتوان ڕوودات، کە بەشێوەیەك لاسەنگی دروستبکات، ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر تەواوی بوارەکان. دەرکەوتنی بارودۆخی دابەشبوونی دانیشتوان لەهەر ناوچەیەك ڕەنگدانەوەی ئاستی پێشکەوتن و گەشەکردنی ئابووری و کۆمەلایەتی ئەم ناوچەیە،گونجاوی جوڵەی جوگرافی دانیشتوان ڕاستەوانە دەبێت لەگەڵ ئاستی پێشکەوتن لە چالاکیەکانی پەرەپێدان. (الراوی،١٩٨١،٧٥).

بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی پیادەکردنی شێوازی چالاکیە ئابووریەکان و تێکچوونی ڕەوشی ژینگەو پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان و ناجێگیری بارودۆخی ڕامیاری، قەزای ڕانیە لەم شێوازە دابەشبوونەی دانیشتوان گۆڕانی زۆری بەخۆیەوە بینیوە.

أ- **لەسەر ئاستی قەزا:**

لێرەدا بە سەرنج دان لەخشتەی (١) و شێوەی (١) بۆمان دەردەکەوێت کە:

- لەماوەی ساڵانی( ١٩٧٧-٢٠١٥)ژمارە و ڕێژەی شارنشین بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش بەئاراستەی زیادبوون ڕۆیشتوە، بەشێوەیەك ژمارەی شارنشینان لە(١٨٥٠٥) کەس کە ریژەی نزیکەی (٣٥٪) ی لە کۆی دانیشتوان پێکهێنابوو، زیادی کردوە بۆ (١٦٠٣٠٧) کەس وە ڕێژەکەی گەیشتوتە زیاتر لە (٨٨ ٪).

خشتەی (١)

دابەشبوونی دانیشتوان بەگوێرەی شارنشین وگوندنشین لە ماوەی نێوان (١٩٧٧-٢٠١٥ )

| ساڵ | شارنشین | ٪ | گوند نشین | ٪ |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٧٧ | ١٨٥٠٥ | ٣٤.٧ | ٣٤٨٥٧ | ٦٥.٣ |
| ١٩٨٧ | ٤٩٩٨٦ | ٦٤.٩ | ٢٧٠٧٠ | ٣٥.١ |
| ٢٠٠٢ | ١٢٦٧٣٨ | ٧٨ | ٣٥٦٩٦ | ٢٢ |
| ٢٠١٥ | ٢٠٣٠٦٣ | ٨٨.٣ | ٢٦٨٦١ | ١١.٧ |

سەرچاوە :

١. وزارة الداخلية ١٩٥٧ ، ٣١.

٢.وزارة التخطيط ، ١٩٧٧ ،٩.

٣. وزارة التخطيط ، ١٩٨٧، ٨٢.

٤.مدرية الاحصاء السليمانية ، ٢٠٠٢، ١٤٦.

٥.وەزارەتی پلان دانان،بەڕیوەبەرایەتی ئاماری سلیمانی،٢٠١٥،زانیاری بلاونەکراوە

- ژمارەی شارنشین لەماوەی ساڵانی( ١٩٧٧-٢٠١٥ ) بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە و گەیشتوتە (٢٠٣٠٦٣کەس)،ڕێژەی شارنشینی لەم ماوەیەدا گۆڕانی زۆری بەسەرهاتوە،جیاوازی نێوان ئەم دوو ڕێژەیەش (٥٣,٦٪)ە ، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرە لەزیادبوونی ژمارەو ڕێژەی شارنشین لەسەر ئاستی قەزای ڕانیە.

شێوەی (١)

دابەشبوونی دانیشتوان بەگوێرەی شارنشین وگوندنشین لەماوەی نێوان (١٩٧٧-٢٠١٥ )




سەرچاوە :ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە خشتەی (١).

- ڕێژەی گوندنشینان لەم ماوەیەدا بەرەو نزم بونەوە ڕۆیشتوە، بەجۆرێك لە ساڵی ( ١٩٧٧) دانیشتوانی گوندەكان ڕێژەیان زیاتر لە ( ٦٥٪ )بوە لەكۆی دانیشتوانی قەزاكە،بەلاّم لەساڵی (٢٠١٥ )ڕێژەكە دابەزیوە بۆ نزیكەی (١٢٪ )،( سەیری شێوەی ١بكە)،جیاوازی نێوان ئەم دوو ڕێژەیەش (٥٣,٦٪)ە، ئەمەش تۆمارێكی بەرزە لە دابەزینی ڕێژەی گوندنیشان.
- دابەشبوونی ژمارە و ڕێژەی و دانیشتوانی قەزای ڕانیە، لەنێوان شار و گوند، لەساڵێكەوە بۆ ساڵێكی تر گۆڕانی زۆری بەسەرداهاتوە،بەلاّم ئاستی زۆری ئەم گۆڕانە لە ماوەی هەردو ساڵی ( ١٩٧٧- ١٩٨٧)دا بەدیدەكرێت،واتا خاڵی دەستپێكردنی تێكچوونی هاوسەنكی دابەشبوونی دانیشتوان لەساڵی( ١٩٨٧ ) سەرەتای گرتوە، بەجۆرێك لەم ساڵەدا ڕێژەی شارنیشین بەرز بۆوە بۆ ٦٥٪ لەبەرامبەردا گوندنشینان ڕێژەیان نزم بۆوە بۆ ٣٥٪.
- بەردەوامی بەرزبوونەوەی ڕێژەی شارنشیان و نزم بوونەوەی گوندنشینان لەماوەی ساڵانی نێوان (١٩٧٧-٢٠١٥) زادەی چەندین هۆكار بوە لێرەدا دەكری ئاماژە بەچەند هۆكارێك بدەین لەوانە:

١. ڕاگواستنی ژمارەیەكی زۆری گوندنشییان سنوری قەزاكە، بەتایبەتی لەماوەی ساڵانی( ١٩٧٥ تاوەكو ساڵی ١٩٩١).
٢. كردنەوەی چەند ناوەندێكی شارنشینی نوێ لەسنوری قەزای ڕانیە، لەوانە( ناحیەی حاجیاواو سەركەپكان).
٣. .دابەزینی بەهای بەروبوومە كشتووكاڵیەكان و بوونی هەلی كار كردن لەسەنتەری شارەكان ، وە دامەزراندنی ژمارەیەكی زۆری دانیشتوانی گوندەكان لەدەزگا جیاوازەكانی میری، وایكرد خەڵكی گوندشین بۆ پەیوەست بوون بەكارەكانیان ڕووبكەنە شارەكان لەم ماوەیەدا ،ئەمەش ڕێخۆشكەربو ، بۆ ئەوەی گوندنشینەكان گوندەكانیان بەجێ بهێڵن و ڕووبكە شارەكان.

**ب- لەسەر ئاستی ناحیەكان:**

سەبارەت بە گۆڕانی دابەش بوونی دانیشتوان لە نێوان شارو گوندەكان لە سەر ئاستی یەكە كارگێڕیەكان، چەندین گۆڕانكاری بەسەرداهاتوە،بە سەرنج دان لەخشتەی (٢) و شێوەی (٢) بۆمات دەردەكەوێت كە:

١. ناحیەی سەنتەر لەماوەی ساڵانی (١٩٧٧-٢٠١٥) ، لەپلەی یەكەمدایە لەڕووی بەرزی ڕێژەی شارنشیان، هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی كارگێڕی كە سەنتەری قەزاكە كەمترین ژمارەی گوندەكانی لە خۆی گرتوە.
٢. سەرجەم ناحیەكانی سەر بەقەزای ڕانیە، بەئاراستەی زیادبوونی ڕێژەی شارنشینی و كەمبوونەوەی گوندنشنان هەنگاویان ناوە.
٣. بە سەرنجدان لە شێوەی (٢) ،هەریەك لە ناحیەكانی سەنتەرو حاجیئاوا زۆرتین ڕێژەی شارنشین و كەمترین ڕێژەی گوندنشینیان پێكهێناوە،بەجۆرێك لەساڵی( ٢٠١٥) ناحیەی سەنتەر ڕێژەی زیاتر (٩٥٪ )ی شارنشین ونزیكەی (٥٪ )گوندنشین و، ناحیەی حاجی ئاوا (٩٢.٥٪ )شارنشین و

(٧.٥٪ ) گوندیشین بوە.هەریەك لە ناحیەکانی چوارقورنە و بێتواتە، ڕێژەی شارنشینیان یەك بەدوای یەك (٨٤.٤٪ - ٧٣,٩٪) و گوندنشینیان لە نێوان (١٥.٢٪ - ٢٦,١٪) بوە .

٤. هۆکاری زۆربوونی شارنشین و کەمبوونەوەی گوندنشینان لەسەر ئاستی یەکەکان، دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری گۆڕانی کارگێڕی و تێکچوونی ڕەوشی ئابووری گوندەکان و زیاتر باشتر بوونی خزمەتگوزاریەکان لە ناوەندی شارەکان.

خشتەی(٢)

دابەشبوونی دانیشتوان لەنێوان شار و گوند لەقەزای ڕانیە (١٩٧٧-٢٠١٥)

| یەکە کارگێڕیەکان | ١٩٧٧ | | ٢٠٠٢ | | ٢٠١٥ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | شارنشین ٪ | گوندنشین ٪ | شارنشین ٪ | گوندنشین ٪ | شارنشین ٪ | گوندنشین ٪ |
| ناحیەی سەنتەر | ١٠٠ | - | ١٠٠ | - | ٩٥.١ | ٤.٩ |
| ناحیەیمەرگە (بنگرد) | ٧.٧ | ٩٢.٣ | - | - | - | - |
| ناحیەی چوارقورنە | ٤٤ | ٥٦ | ٥٣.٣ | ٤٦.٧ | ٨٤.٤ | ١٥.٢ |
| ناحیەی بێتواتە | ١٠ | ٩٠ | ٦٤ | ٣٦ | ٧٣.٩ | ٢٦.١ |
| ناحیەی حاجی ئاوا | - | - | ٨٨.٢ | ١١.٨ | ٩٢.٥ | ٧.٥ |
| ناحیەی سەرکەپکان | - | - | - | - | ٣٦ | ٦٤ |

سەرچاوە :هەمان سەرچاوەکانی خشتەی(١)

شێوەی (٢)

دابەش بوونی دانیشتوان لەنێوان شار و گوند لەقەزای ڕانیە (١٩٧٧-٢٠١٥)




سەرچاوە :ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە خشتەی (٢).

**٢. گۆڕانی دابەشبوونی ژمارەیی نشینگەکان لە قەزای ڕانیە:**

نیشاندانی قەبارەی نشینگەکانی دانیشتوان و ئاماژەکردن بەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەری داهاتوە، پەیوەندیەکی ڕاستەوانەی هەیە لەگەڵ کرداری پەرەپێدان، بەتایبەتی لە نشینگە گوندیەکان، چونکە تاوەکو ئێستا بەشێکی زۆری چالاکیە ئابوریەکانی گوندنشینان بەندە بەبوونی ژمارەی دانیشتوانەوە . هەروەها بەهۆیەوە توانای ئەو زەویە دەخرێتە ڕوو لەدابین کردنی پێداویستیەکانی دانیشتوان ،ئەمەش دەبێتە بنەمایەك بۆ دانانی پلانی گەشەپێدان و بەرەو پێشچوون لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوان(علی،٢٠٠٧،٨٢).

بێگومان زیادبوونی نشینگەکان دەبێتە بنەمایەك بۆ گۆڕانی چالاکیەکانی دانیشتوان، بونمونە زیادبوونی نشینگە شارنشینەکان دەبێتە بنەمایەك بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بەسەر چالاکی دانیشتوانەکەی دابێت، بەجۆرێك چالاکیەکانیان لە کشتوکاڵ کردنەوە ڕووبکاتە چالاکی تر وەکو پیشەسازی و بازرگانی و خزمەتگوزاریی. ئەم گۆڕانکاریە ئەگەر لەسەر بنەمایی زانستی و دانانی پلانی پیشوەختە بکرێت، دەبێتە بنەمایەك بۆ بوژانەی کەرتی کشتوکاڵی لە لادێکان، بەڵام بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆکارێك بۆ پوکانەوەی کەرتی کشتوکاڵی.

قەزای ڕانیە لەو کاتەیەوە وەکو قەزایەك هەژمار کراوە، تاوەکو ئیستا بەردەوام ڕێژەی نشینگە لادێیەکانی بەرەو کەم بوونەوە ڕۆیشتوە، لە بەرامبەردا نشنگە شارییەکانی زیادی کردوە ئەمەش زیاتر بەهۆی ئەو گۆڕانکاریە کارگێڕیانەوە بوە کە قەزاکە بەخۆیەوە بینیوە. خشتەی (٣) ئەوەنیشان دەدات کە قەزایی ڕانیە لەماوەی ساڵانی(١٩٥٧-٢٠١٥) ئەم گۆڕانکاریانەی بەسەرداهاتوە.

١. ساڵی( ١٩٥٧ ) قەزای ڕانیە پێکهاتبوو لە (٣) سەنتەری شارنشینی و( ٢٢٥ )گوند ، بەڵام لەساڵی (٢٠١٢) بۆتە (٥) سەنتەری شارنشینی و( ١٢٩ )گوند . ئەمەش دەریدەخات لەو ماوەیەدا لە ڕوی ژمارەوە قەزای ڕانیە نزیکەی (٥٠٪) ی نشینگە گوندییەکانی لەدەستداوە.
٢. ساڵی( ١٩٧٧ ) ژمارەی نشینگە شارنشینەکان پێك هاتبوو لە (٤) نشینگە، کە بریتیبوون لە (سەنتەر و چوارقورنەو بێتواتەو مەرگە)، لەگەڵ (١٦٣) گوند.بەڵام لەساڵی( ٢٠٠٢ ) ئەم دابەشکاریە گۆڕانکاری بەسەردا هات، بەجۆرێك ژمارەی نشینگە شارنشینیەکان زیادی کرد بۆ (٥) نشینگەو لەبەرامبەردا ڕێژەی نشینگە گوندیەکان کەمی کرد بۆ( ١٣٧ ) ، واتا لەو ماوەیەدا ، ژمارەی نشینگە شاریەکان و دانیشتوانیان بە بەردەوامی ڕویان لە زیادبون کردوە و لە بەرامبەردا ژمارەی نشینگە گوندیەکان ودانیشتوانەکەیان ڕویان لە کەمی کردوە، بەهۆی چەند هۆکارێك لەوانە:

- گۆڕانی کارگێڕی، بەهۆی ئەوەی، کە ناحیەی مەرگە لە قەزای ڕانیە دابڕاو خرایە سەر قەزای دووکان، بەمەش ژمارەیەك نشینگەی گوندی لەقەزای ڕانیە دابڕان.
- کردنەوەی ناحیەی چوارقونە بە سەنتەری شارنشینی، لەدوای ئەوەی کە لەسەر ژمێری ساڵی ١٩٧٧ کرابۆوە بە گوند .
- کردنەوەی ناحیەیەکی تازە بەناوی ناحیەی حاجیاوا، کە لەپێشوتر گوندیك بوو سەر بە ناحیەی چوارقورنە.
- ژێر ئاو کەوتنی ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکانی سنووری قەزای ڕانیە بەهۆی دروست کردنی بەستی دووکان کەژمارەیان نزیکەی (٢٥) گوندبوو، بەشێکیان ڕویان کردە ناحیەی ناودەشتی سەر بە قەزای پشدەر(علی،١٩٧٠ ، ٧٨-٧٩).

خشتەی(٣)

گۆڕانی دابەش بوونی نشینگەکان لەقەزای ڕانیە (١٩٧٧-٢٠١٢)

| یەکەکان | ژمارەی گوند ١٩٥٧ | ژمارەی گوند ١٩٧٧ | ژمارەی گوند ٢٠٠٢ | ژمارەی گوند ٢٠١٢ |
|---|---|---|---|---|
| سەنتەر | ١٠٥ | ــــ | ــــ | ١٤ |
| چناران | ٣٦ | ــــ | ــــ | ــــ |
| ناودەمشت | ٨٤ | ــــ | ــــ | ــــ |
| مەرگە ( بنگرد) | ــــ | ٥٤ | ــــ | |
| چوارقورتە | ــــ | ٨١ | ٨٧ | ١٣ |
| بیتواتە | ــــ | ٢٨ | ٣٠ | ٣٠ |
| حاجیاوا | ــــ | ــــ | ٢٠ | ٢٠ |
| سەرکەپکان | ــــ | ــــ | ــــ | ٥٢ |
| کۆ | ٢٢٥ | ١٦٣ | ١٣٧ | ١٢٩ |

سەرچاوە:

١. وزارة التخطيط ، ١٩٧٧ ،٩.

٢. مدرية الاحصاء السليمانية ، ٢٠٠٢، ١٤٦.

٣. ئاماری سلیمانی ، ٢٠١٢، ١٤٦

٣. لە ساڵی(٢٠١٢) دووبارە ژماری نشینگە شارنشینیەکان زیادی کردوو، لە بەرامبەردا نشینگە گوندیەکان کەم بوونەوە، بەجورێك سەنتەری شار بوون بە(٥)نشینگەو گوندەکانیش بوون بە (١٢٩)، هۆکاری ئەم کەمبوونەوەیە لەم ماوەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە چوار گوند لە ساڵی (٢٠٠٩) کەسەر بەناحیەی سەنتەر بوون وەکو گەڕەکێك لە گەرەکەکانی شاری ڕانیە هەژمار کراون ئەوانیش گوندەکانی ( کونەسی ، تیتۆکە ، هەنجیرەی ئاکۆیان ، سەیداوا )، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریش بەهۆی کردنەوە ناحیەی سەرکەپکان چوار گوند بەسەنتەری ناحیە هەژمار کران ئەوانیش گوندەکانی ( سەرکەپکان ، شێبان ، بەردەخڕە ، دەڵاڵان ) .

## سێیەم / گۆڕانی دابەشبوونی قەبارەیی نشینگە گوندیەکان.

ئەم جۆرە دابەشکاریە، بۆ نشینگە گوندیەکان بایەخی زۆری هەیە لە سەرخستنی و پرۆسەی پەرەپێدان،چونکە بنەمای دابەشکردنەکە بەندە بەقەبارەی دانیشتوانەوە، هەروەکو ئاشکرایە جێبەجێکردنی بەشێکی زۆری پرۆژەکانی پەرەپێدان بۆ دانیشتوانە، لەهەمان کاتدا دانیشتوان ئەنجامی ئەدات.ئەم

جۆرەدابەشبوونە پێوەرێکە بۆ ڕاکێشانی پرۆژەخزمەتگوزاریەکان، سەنگ و بەهای پێگە نشینگەکانی پێ دەستنیشان دەکرێت، چونکە تاوەکو نشینگەکان قەبارەیان گەورەتر بێت فەرمانی جۆارو جۆر لەخۆیان دەگرن(عزیز،٢٠٠٦، ٤٤ ). جیاوازی دابەشبوونی دەستەی قەبارەی نشینگە گوندیەکان و دەرکەوتنی گۆڕانی دابەش بوونەکە،زیاتر ڕەنگدانەوەی بارودۆخی سروشتی ومرۆیی قەزاکە دەردەخات لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر .کەکاریگەری هەبووە لەسەر زیادبوونی قەبارەی هەندێك نشینگەو کەم بوونی هەندێکی تر.

لەم لایەنەوە و بە تێبینی کردنی خشتەی (٤) و ، دەکرێ ئاماژە بەجیاوازی دابەش بوون و گۆڕانی ئەم دابەش بوونە بدەین، بەگوێرەی دەستەی قەبارەی نشینگە گوندیەکان لەماوەی سالآنی (١٩٧٧-٢٠١٢ ) بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. دەستەی قەبارەی بچوك کەمتر لە (٢٠٠)کەس زۆرترین ڕێژەی لە کۆی دەستەی قەبارەی گوندنشینان پێکهێناوە لەماوەی سالآنی( ١٩٧٧-٢٠١٢ )کە ڕێژەکە یەك لەدوای یەك بریتی بوە لە (٪ ٧٠ ی ڕێژەی گوند و ٪٣١ ی ڕێژەی دانیشتوان) و (٪٧٩ ی ڕێژەی گوند و ٪٢٥ ی ڕێژەی دانیشتوان).هۆکاری بەرزی ڕێژەی ئەم دەستەیە لە قەزای ڕانیە بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ناوچەکە، کە بەشێکی زۆری پێکهاتوە لە ناوچەی شاخاوی، کە ئەم بارودۆخەی بەرزی و نزمی یارمەتی دەر نیە بۆ لە خۆگرتنی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان.

٢. دەستەی ٢٠٠-٤٩٩ کەس :لەڕووی پلەبەندیەوە ئەم دەستەیە پلەی دووەمی گرتوە لە ڕووی ڕێژەی گوند و دانیشتوان لەم ماوەیەدا(١٩٧٧-٢٠١٥)، ئەم دەستەیە بەرەو کەم بونەوە ڕۆیشتوە، بەهۆکاری ئەوەی بەشێك لە گوندەکان بەرەو دەستەی قەبارەی بچوکتر ڕۆیشتونە،ئەمەش زیارتر دەگەڕێتەوە بۆ کۆچ کردنی دانیشتوانی ئەم گوندانە بە هۆکاری جۆراوجۆر.

٣. دەستەی ٥٠٠-٩٩٩ کەس : ئەم دەستەیە لە ساڵی ١٩٧٧ ڕێژەیەکی بەرزی داگیر داگیرکردبوو کە دەگەیشتە( ٪١٠.٤ )ی ڕێژەی گوندو( ٪٣٤) ی ڕێژەی دانیشتوان،بەلأم ئەم ڕێژەیە نزم بۆتەوە بۆ( ٪٤.٦ )ڕێژەی گوندو (٪١٥.٥ )ڕێژەی دانیشتوان،ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ گواستنەوەی بەشێك لەم گوندانە بۆ دەستەی گەورەتر لە خۆیان.

٤. دەستەی زیاتر لە ١٠٠٠کەس: کەمترین ڕێژەیان پێك هێناوە لە دابەشبوونی قەبارەی دانیشتوانی نشینگە گوندیەکان،هەرچەندەخشتەی (٤) ئەوەمان نیشان دەدات ، کەڕێژەی ئەم دەستەیە بەروە زیادبوون ڕۆیشتوە،بەلأم کەمی ئەم ڕێژەیە بەگشتی کاریگەری زۆری هەیە لەسەر کرداری پەرەپێدانی گوندەکان لە بواری ئابووری و کۆمەلأیەتی،چونکە جێبەجێ کردنی زۆرینەی پلانەکان بەندە بەژمارەی دانیشتوان.

**خشتەی ژمارە (٤)**

**دابەشبوونی قەبارەیی نشینگە گوندیەکانی قەزای ڕانیە لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠١٢) ( ٪)**

| ڕیزبەندی قەبارەی | ١٩٧٧ | | ٢٠١٢ | |
|---|---|---|---|---|
| | ڕێژەی گوند | ڕێژەی دانیشتوان | ڕێژەی گوند | ڕێژەی دانیشتوان |
| کەمتر لە ٢٠٠ کەس | ٧٠ | ٣١ | ٧٩ | ٢٥ |
| ٢٠٠-٤٩٩ | ١٧.٨ | ٢٤ | ١٢.٤ | ١٩.٥ |
| ٥٠٠-٩٩٩ | ١٠.٤ | ٣٤ | ٤.٦ | ١٥.٥ |
| لە١٠٠٠ کەس زیاتر | ١.٨ | ١١ | ٤ | ٤٠ |
| تێکڕا | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە:

١. وزاره التخطیط ، ١٩٧٧، ٩.

٢. مدریه الاحصاو السلیمانیه ،٢٠٠٢، ١٤٦.

٣. ئاماری سلیمانی ، ٢٠١٢، ١٤٦.

بەر لەکۆتایی هێنان بەم باسە،دەکرێ ئە ڕاستیانە بخەینە ڕوو:

١. لە ڕو دابەشبونی ژینگەیی ،گۆڕانی دابەش بوونی دانیشتوان بەئاراستەی زیادبوونی شارنشینی و کەم بوونەوەی گوندنشینی هەنگاوی ناوە لەماوەی ساڵانی( ١٩٧٧-٢٠١٢) لەسەر ئاستی قەزا ڕێژەی شارنشین بەردەوام بەرەو زیادبوون ڕۆیشتوە بەجۆرێك ساڵی ٢٠١٥ گەیشتۆتە(٨٨,٣٪ ) لەبەرامبەردا ڕێژەی گوندنشین کەمی کردوە بۆتە (١١,٧ ٪ ).

٢. بەهۆی گۆڕانە کارگێریەکان، ژمارەی نشینگەکانی دانیشتوان لەقەزای ڕانیە لەماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوە، توشی گۆڕانکاری بوە، بەجۆرێك ڕێژەی نشینگە شارنشیەکان گەیشتۆتە ٥ نشینگە کە زۆربەی دانیشتوانی قەزاکەیان لەخۆ گرتوە لەبەرامبەردا ژمارەی نشینگە کەمی کردوە بۆ ١٢٩ نشینگەی دیهاتی و تەنها ڕێژەی (١١,٧٪ )دانیشتوانیان لەخۆیان گرتوە.

٣. قەزای ڕانیە لەڕووی دابەش بوونی دەستەی قەبارەی نشینگە گوندیەکان، زیاتر لە نشینگەی قەبارەی بچوك پێکهاتوە بەجۆرێك لەماوەی ساڵانی( ١٩٧٧ بۆ ٢٠١٢ )بەئاراستەی زیادبوون هەنگاوی ناوە بەجۆرێك ڕێژەکەی لەنیوە زیاتر بوە،زۆری ئەم دەستەیە کاریگەرێکی نەرینی لەسەر کردای پەرەپێدانی گوندەکان دروست دەکات لەداهاتوو.

له پوختەی زانیارییەکانی ئەم باسەدا، دەرکەوت ، کە لە تەواوی ماوەی توێژینەوەدا، دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوان و دابەشبونی ژمارییان گۆڕانکاری دیار و بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بەجۆرێك لەسەر ئاستی قەزا و ناحیەکانی بە بەردەوامی ژمارەی نشینگە شاریەکان و دانیشتوانیان زیادی کردوە، پێچەوانەی ئەمە ژمارەی نشینگە گوندیەکان و ژمارەی دانیشتوانیان بە بەردەوامی کەمیان کردوە، بێگومان ڕودانی ئەم گۆڕانکارییانە لە دابەشبونی دانیشتوانی قەزاکە، کاریگەری زۆر دەکاتە سەر کرداری پەرەپێدانی گوندەکان، کە لە باسی سێیەمدا ، بە وردی باسی دەکەین.

**باسی سێیەم :کاریگەری گۆڕانی دابەشبوونی دانیشتوان لە سەر کردای پەرەپێدانی گوندەکان.**

بەر لەوەی کە شیکردنەوەبکرێت بۆ کاریگەریەکانی ئەم گۆڕانانەی کەبەسەر دابەش بوونی دانیشتواندا هاتوە لەقەزای ڕانیە، بەتایبەتی دابەشبوونی گوندنیشان، پێویستە لێرەدا ئاماژەیەك بۆ ڕوونکردنەوە دەست نیشان کردنی چەمکی پەرپیدان و پەرەپێدانی گوند بکرێت بوارەکانی پەرپێدانی گوندنیشان دیاری بکرێت.

**تەوەرەی یەکەم/ چەمکی پەرەپێدان**

پەرەپێدان بەگشتی بریتیە لە گۆڕانکاری ڕیشەیی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا بەسەرجەم چالاکیەکانی وپێکهاتەکانیانەوە،بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستیە بنچینەیەکانیان و کارکردن بۆ دەستەبەرکردنی خوشگوزەرانی بۆیان،ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێ، کە کرداری پەرەپێدان کۆمەڵێك یاخود زنجیرەیەك قۆناغی بەیەکەوە گرێدراون،لەپێناو پێشخستنی تەواوی لایەنەکانی ژیان، بەشێوەیەك قۆناغێکی گواستنەوە بێت بەرەو باشتر(اشرف محمد عاشور،٢٠١١،٣٧)

کەواتە دەکرێت بوترێت، کە هەموو مرۆڤێك پەرەپێدانی پێویستە، ئەم چەمکەش بەکاردێت بۆ مەبەستی دەرخستنی ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگاو ئەو گۆڕانکاریانەی پێیدا دەڕوات، وەهەروەها بەکاردێت بۆ مەبەستی ئاماژەکردن بە تایبەتمەندیەکانی پەیوەست بە گەشەکردنی ئابووری و خۆشگوزەرانی و کۆمەلآیەتی و بەسەردەمی کردن بەکار دەهێنرێت،.

گەشەپێدان بریتییە لەکرداری جێبەجێکردنی ئامرازە جوگرافیەکان، بەشێوەیەکی ڕوپێوی و شیکاری لەپێناو لێکدانەوەو شیکردنەوەی هەندێك لە کێشە سەردەمیەکان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان و چاککردنەوەیان لە ڕێگەی گەشەپێدانی ڕەگەزە جوگرافیەکانەوە.

یاخود وا پێناسە دەکرێت، کە بریتییە لە گۆڕانکاریکردن لە شتێکی جێگیر یان ناجێگیر لەسەر ڕووی زەوی، کە ئەمەش گۆڕانکاریە شوێنیەکان دەگرێتەوە لە ڕەگەزە جوگرافیەکان گۆڕانکاریکردن تیایاندا بەرەو باشتر، دەتوانین بڵێین چەمکی پەرەپێدان لە جوگرافیادا سێ ڕەهەند لەخۆ دەگرێت ئەوانیش بریتین لە (پەیوەندی نێوان دیاردەکان، پێشکەوتنی ئەم دیاردانە، ڕێکخستن و دابەشبوونی شوێنی ئەم دیاردانە، کەدەتوانین بلێین ڕەگەزی سەرەکی لەگەشەپێداندا ئەم سێ ڕەهەندەن)( احمد، ٢٠٠٨، ٤٣).

بابەتی پەرەپێدان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بوە هۆی جێگای گرنگیدانی وولاتان، بەجۆرێك تا وای لێهات،کە پەرەپێدان بوە بە سیفەتێکی وولاتان و پۆلێن کردنی وولاتان لەسەر بنەمای بونیاتی ئابووری و ئاستی خۆشگوزەرانی وەکو وولاتانی پێشکەوتوو وولاتانی دواکەوتوو(الطیف،١٩٩٩، ٢).

چەمکی پەرەپێدان چەندین جۆری لە پەرەپێدان لە خۆ گرتوە، وەکو پەرەپێدانی ئابووری و کومەلآیەتی و شارستانی و پەرەپێدانی کۆمەلگای گوندییەکان(ابراهیم و ابو راضی ٢٠٠٤، ١٠ )
لە پوختەی ئەم پێناسانەی سەرەوە، دەکرێ بلێی پەرە پێدان، ئەنجامدانی کۆمەلێك کرداری بەیەکەوەگرێدراوە، بە مەبەستی گۆڕانکاری بنچینەیی و پێشکەوتنی کۆمەلگاو فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی زیاتر بۆ دانیشتوان، لەلایەن دامودەزگانی میری و بە هاوکاری دانیشتوانی ئەم ناوچەیە.

## تەوەرەی دوەم/ چەمکی پەرەپێدانی گوند

ئەوەی ئێمە لێرەدا دەمانەوێت جەختی لەسەر بکەینەوە پەرەپێدانی گوندە، بەهەمان شێوەی چەمکی پەرەپێدان چەندین پێناسەی جۆراو جۆر بۆ چەمکی پەرەپێدانی گوند کراوە، لەسەرەتای سەرهەلدانی چەمکی پەرەپێدانی گوند، زیاتر گرنگی دەدرا بە پەرەپێدانی ئابووری و لە ناویدا پەرەپێدانی کشتوکالی ،هۆکاری ئەمەش زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو ، کە سەرچاوەی سەرەکی ئابووری خەلکی گوندەکان زیاتر پێکهاتوە لە کشتوکال کردن،بەلام دواتر ئەم بیرۆکیە گۆڕانکاری بەسەرداهات بەوەی کە تەنها گرنگی دا بەلایەنی ئابووری ناتوانێت ببێتە بنەمایەك بۆ بوژانەوە و بەرەو پێشبردنی گوندەکان، هەر بەم هۆیەوە چەندین ناساندنی تر بۆ ئەم چەمکە کرا، بەجۆرێك پێناسەی بۆکرا کە، پەرەپێدانی گوند پرۆسەیەکی نەخشە بۆ داڕێژراوە بەمەبەستی دەرخستن و ئامادەکردنی توانا مرویی و سروشتیەکانی ناوچەیەك، دواتر دانانی پلانێکی گونجاو و تۆکمەیە، هەروەها جێ بەجێ کردنی ئەم پلانەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری و کۆمەلآیەتی و ئاوەدانکاری و شارستانی تاکەکانی کۆمەلگایە لەگەل دابین کردنی پێویستیەکان بۆ سەرخستنی ئەم پروسەیە لە سەرەتاوە تاوەکو کۆتایی(سلیمان ، ١٩٧٦، ٦٢١).

لە پێناسەیەکی تردا پەرەپێدانی گوند: بریتیە لە گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی و گشتگیر لە تەواوی بوارەکانی ئابووری و کۆمەلآیەتی و ڕۆشنبیری و ژینگەیی،ئەم گۆڕانکاریە لەلایەن گوندنیشان بەهەماهەنگی وهاوکاری تەواوی دەزگاکانی میری بەئەنجام دەگەیەنرێ، بۆ ئەوەی بە هاوکاری هەردووکیان بتوانن کۆمەلگاکە بگەیەنە پلەی تەواکاری لەهەموو بوارەکان(*محرم،٧،١٩٩٤*).
کەواتە دەکرێ بوترێ، کە پەرەپێدانی گوند بریتیە لە کۆمەلێك بەرنامە، بە ئامانجی بوژانەوەی گوندەکان لە سەرجەم بوارەکانی ئابووری و کۆمەلآیەتی و شارستانی و بیناکاری، وە باشتر کردنی بەرهەم و زیادکردنی کەبببێتە هۆی زیادکردنی داهاتی گوندنیشان بەرز کردنەوەی ئاستی گوزەران و دابین کردنی هۆیەکانی خۆشگوزەرانی(صقور، ٢٠٠٨،٤٧-٤٨).

لەیەك دانەبڕاندنی هەردوو جۆری پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەلآیەتی، بوە هۆی سەر هەلدانی چەمکێکی نوێ لە ناو پەرەپێدانی گوند، کە پێی دەوترێت پەرەپێدانی سەراپاگیر و تەواو ، چونکە بیرمەندان گەیشتنە ئەو ڕاستیەی ناکرێ ئەم دوو جۆرە لە یەکتری دابڕێن، چونکە پەرەپێدانی ئابووری کە مەبەست تیایدا بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتی گوندنشیانە، بەتەنها نابێتە هۆی مانەوەو گەشەپێدانی گوندەکان بەبێ پەرەپێدانی کۆمەلآیەتی، ئامانج لەم پەرەپیدانە باشترکردنی بارودخی تەندروستی و پەروەدەو فێرکردن و ژێر خانی گوندەکانە لەبواری راکێشانی ئاوو و کارەباو ڕێگاکانی هاتوچوو هویەکانی تری خۆشگوزەرانی.

## تەوەرەی سێیەم / دابەش بوونی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی گوندەکان لە قەزای ڕانیە

بێگومان، جیاوازی دابەشبونی دانیشتوان، کاریگەری لەسەر تەنها لایەنێکی ژیانی گوندەکان نیە، بەڵکو کاریگەری لەسەر زۆربەی لایەنەکان هەیە، کە لە خوارەوە بە خاڵ باسی هەر یەکێکیان دەکەین:

### ١. کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی ئابووری

دابەشبوونی دانیشتوان، ڕەنگدانەوەی ئاستی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەوڵەت و هەرێمەکان نیشان دەدات،ئاستی جوڵەی دانیشتوان و چڕیان و پلەی گردبوونەوەیان هاوڕێك دەبێت لەگەڵ چالاکیەکانی کرداری پەرەپیدان(الراوی،١٩٨١,٧٥). واتا سەرکەوتنی زۆربەی پلانەکانی تایبەت بە پەرەپێدان بەندە بە هاوسەنگی دابەش بوونی دانیشتوان.

زۆرێك لە ناوچە و هەرێمەکان، بەهۆی سروشتی هەڵکەوتەی بەرزی و نزمیانەوە، یاخود بەهۆی تێپەڕینیان بە کۆمەڵێك قۆناغی ڕامیاری و سەربازی، وایکردوە ئاستی دابەشبوونی دانیشتوان بەلاسەنگی دەربکەوێت، لێرەدا ئەوەی دەبێت ڕۆڵی سەرەکی هەبێت بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو لاسەنگیە پسپۆڕانی بواری پەرپێدانن .

ناڕێکی دابەشبوونی دانیشتوان، دادەنرێت بەیەکێك لەو گرفتانەی، کە دانیشتوانی قەزای ڕانیە پێوەی‌دەناڵێنن، هۆکاری ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوتەی سروشتی قەزاکە لەڕووی بەرزی نزمی، کە پێکهاتەی چیای و دوڵ ودەشتی لەخۆگرتوە،ئەمە سەرەڕای ئەم گۆڕانکاریانەی، کە قەزاکە بەخۆیەوە بینیوە لە ڕووی ڕامیاری و ئابووری و کارگێڕیەوە،هەموو ئەمانە کاریگەریان هەبوە لەسەر نەخشەی دابەشبوونی دانیشتوانی قەزاکە، بەجۆرێك هەندیك بەشی بۆتە ناوچەی ڕاکێشانی دانیشتوان و بەپێچەوانەشەوە هەندیك بەشی بۆتە ناوچەی دەرکردنی دانیشتوان.

دەرخستنی جیاوازی دابەش بوونی دانیشتوان و ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەری هاتوە، دەبێتە هێمایەك بۆ داوەری کردن لەسەر ئاستی پەرەپێدانی گوندنشینان، چونکە ئەم دوو ڕەگەزە گۆڕاوە گاریگەری زۆریان بەسەر یەکتریەوە هەیە، لەم باسەی ئەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین ئەم کاریگەریە بخەینەڕوو.

#### أ- بواری کشتوکاڵ:

گۆڕانی دابەشبوونی دانیشتوان کاریگەریەکی زۆری دەکاتە سەر پەرەپێدانی کشتوکاڵی،لێرەدا بەرکەوتەی تاکەکەس لەزەوی فەراهەم بوو لە کشتوکاڵ و زەوی داچێنراو دەخەینەڕوو، بۆ هەرکەسێك لەدانیشتوانی گوندو کارکەرانی کشتوکاڵی وە دەرخستی ئاستی بەرووبومی کشتوکاڵی لەماوەی ساڵانی( ٢٠٠٢-٢٠١٢)، بەتیبنی کردنی خشتەی (٥) بۆمان دەردەکەوێت کە:

- لەساڵی (٢٠٠٢ ) بەرکەوتی زەوی شیاوی کشتوکاڵی بۆ هەر تاکێکی گوندنشین( ٢.٢ )دۆنم بوە لەکاتێکدا بۆ هەرکەسێکی کارکەری کشتوکاڵی (٨.١ ) دۆنم بوە.
- لەساڵی(٢٠١٢) تێکڕای بەرکەوتەی زەوی شیاوی کشتوکاڵی بۆ هەریەك لە گوندنشیان و کارکەرانی کشتوکاڵ بەرزبۆتەوە بۆ (٣.٥ ). (١٦,٨ ) یەك بەدوای یەك.

خشتەی (٥)

تێکڕای بەرکەوتەی تاك بۆ هەردۆنمیك لەزەوی شیاو بۆ کشتوکاڵ لەساڵی (٢٠٠٢-*٢٠١٢)

| ساڵەکان | زەوی شیاوی کشتوکاڵی | ژمارەی دانیشتوان | بەرکەوتەی کەس بو زەوی/دونم | دانیشتوانی گوندنشین | بەرکەوتەی کەس بو زەوی/دونم | ژمارەی کارکەرانی کشتوکاڵ | بەرکەوتەی کەس بو زەوی/دونم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٢ | ٧٨٤٩٠ | ١٦٢٤٣٤ | ٠.٥ | ٣٥٦٩٦ | ٢.٢ | ٩٦٠٥ | ٨.١ |
| ٢٠١٢ | ٧٨٤٩٠ | ١٩٢٥٥٨ | ٠.٤ | ٢٢٤٩٦ | ٣.٥ | ٤٨٥٣ | ١٦.٨ |

سەرچاوە:

١.مديرية الزراعة السليمانية،بيانات غير منشورة ٢٠٠٢-٢٠١٢.

٢.مديرية الإحصاء السليمانية،قسم الإحصاء الزراعي،٢٠٠٢-٢٠١٢،بيانات غير منشورة.

٣- مديرية الإحصاء السليمانية ٢٠٠٢، ص ص ١-٤.

٤. مديرية الإحصاء السليمانية، بيانات غير منشورة،صفحات المختلفة،عام ٢٠١٢.

- بەهەمان شێوە هەروەکو لە خشتەی ( ٦) نیشان دراوە ، تێکڕای بەرکەوتەی هەرتاکێك لەگوندنشین و جوتیاران لەزەوی چێنراو زیادی کردوە، لەگەڵ ئەوەی کە زەوی داچێنراو لە ( ٧٠٣٩٠ ) دۆنم لەساڵی( ٢٠٠٢ ) کەمی کردوە بۆ( ٦٤٣٦٤ )دۆنم ، بەجۆرێك بەرکەوتەی هەرتاکیکی گوندنشین لە( ٢ )دونم زیادی کردوە بۆ نزیکەی( ٣ )دۆنم، وەبەشێوەیەکی بەرچاو بەرکەوتەی کارکەرانی کشتوکاڵ زیادی کردوتەو گەیشتۆتە( ١٣.٨) دونم بۆ هەر تاکێك، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە

خشتەی (٦)

تێکڕای بەرکەوتەی تاك بۆ هەردۆنمیك لەزەوی چێنراو لەساڵی (٢٠٠٢-٢٠١٢)

| ساڵەکان | زەوی چێنراو | ژمارەی دانیشتوان | بەرکەوتەی کەس بو زەوی/دونم | دانیشتوانی گوندنشین | بەرکەوتەی کەس بو زەوی/دونم | ژمارەی کارکەرانی کشتوکاڵ | بەرکەوتەی کەس بو زەوی/دونم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٢ | ٧٠٣٩٠ | ١٦٢٤٣٤ | ٠.٤ | ٣٥٦٩٦ | ٢ | ٩٦٠٥ | ٧.٣ |
| ٢٠١٢ | ٦٤٣٦٤ | ١٩٢٥٥٨ | ٠.٣ | ٢٢٤٩٦ | ٢.٩ | ٤٨٥٣ | ١٣.٨ |

سەرچاوە: هەمان سەرچاوەکانی خشتەی(٥).

* هۆکاری ئامارژەکردن بۆ ساڵی ٢٠١٢ دەگەڕێتەوە بۆ بوونی زانیاری لەسەر خزمەتگوزاری گوندەکان لەم ساڵەدا ، کە ڕۆپێویەك لەم ساڵەدا لەلایەن ئاماری سلیمانی بەووردی ئەنجام دراوە.

بۆ کەمبوونەوەی گوندنشینان و جوتیارانی قەزای ڕانیە بەهۆی چەند هۆکارێکەوە، لەوانە دابەزینی نرخی بەرووبومە کشتوکاڵیەکان و دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی گوندنشینان لە دەزگاکانی میری بەتایبەتی لە دەزگاکانی ئاسایش و بونیان بە پێشمەرگە، سەرەڕای دەسکەوتنی هەلی کاری تر لە شارەکان.

- کەم بوونەوەی ژمارەی گوندنشینان و جوتیاران و زیاد بوونی تێکڕای بەرکەوتەی هەرتاکێك لەزەوی شیاو داچێنراو، نابێتە هۆی بەدیهێنانی ئامانجی پەرەپێدانی گوند،چونکە یەکێك لەئامانجە سەرەکیەکانی پەرەپێدانی گوند،گۆڕینی تێکڕای بەرکەوتەی تاکە لەزەوی بەئاراستەی کەم کردنەوە، هەروەها کەم کردنەوەی پاڵپەستوی کارە لەسەر ئەو کەسانەی کە لەبواری کشتوکاڵ کاردەکەن،بەمەبەستی زیاد کردنی بەرهەم ،چونکە ئامانجی سەرەکی پەرەپێدان زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵیە بەرێژەیەکی زۆر(*Jan Rudengren*.١٩٨١.p ٣٢).
- چڕبونەوەی جوتیاران دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمی زەوی و پاراستنی زیادەی بەرهەم (*MiluMuyang and T.S.Jayne*. ٢٠١١.p ٣). هەروەکو ئاشکرایە تاوەکو ئێستا هەندێك بەرهەم پێویستیان بەدەستی کاری زۆر هەیە، بەکەم بوونەوەی دەستی کار ئەم بەرهەمە بەرەو کەم بوونەوە یاخود نەمان دەڕوات هەروەکو لەخشتەی (٧) ڕوون کراوەتەوە، کەئەم حاڵەتە لەقەزای ڕانیە بەئاشکرا دەردەکەوێت،هەریەك لەبەرهەمەکانی (برنج و توتن و گوڵەبەڕۆژە و کونجی و نۆك نیسك ) بەئاراستەی کەم بوونەوەی ڕۆیشتون، سەرەڕای چەندین هۆکاری تر، لەلایەن جوتیارانەوە جەخت لەسەر ئەوە کراوە، کە بەشێکی زۆری هۆکاری کەم بوونەوەی ئاستی بەرهەمی ئەو بەرووبومانە، کەمبوونەوەی ژمارەی کارکەرانە لە کێڵگە کشتوکاڵیەکان، بەهەمان شێوەش کەم بونەوەی ئاستی بەرهەمی بەووبومەکانی تریش بەشێك لەهۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارە(چاوپێکەوتن، عزیز اسماعیل ، دانیشتویگوندی قەسرۆك (٢٠١٦/٩/٢٢).

خشتەی (٧)

گۆڕانی ئاستی هەندیك لە بەرووبومە کشتوکاڵیەکان لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٢-٢٠١٢ لەقەزای ڕانیە

| ساڵەکان | گەنم | جۆ | برنج | گەنمەشامی | گوڵەبەڕۆژە | توتن | کونجی | نۆك | نیسك | پاقلە | پیاز |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٢ | ١٠٦٤١ | ١٢٢٥ | ٥٠ | ١٠ | ٥٤٠٠ | ٣٠ | ٧٥ | ٦٠٠ | ٥٢ | ١٩٥ | ٦٦٧٥ |
| ٢٠١٢ | ٩٠٠٠ | ١١٢٥ | ٣٥ | - | ٤٥٠ | - | ٤ | ٣٩٥ | ٥ | ٢٤ | ٥٨٦٥ |

سەرچاوە:

بەڕیوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە،بەشی ئامار،ئاماری بلاْونەکراوە ،٢٠٠٢-٢٠١٥.

**ب-بواری ئاژەڵداری:**

بەهەمان شێوەی کشتوکاڵکردن، ژمارەی ئاژەڵەکان ڕووی لە کەمی کردوە،لەگەڵ ئەوەی ئاژەڵداری بە پلەی دووەم دێت لەڕووی دابینکردنی بژێوی خێزانەکان لەبەشێکی زۆری سنوری گوندەکانی قەزای ڕانیە، بەلاّم ساڵ لەدوای ساڵ ئەم ژمارەیە کەمی کردوە.

هەروەکو لەخشتەی ژمارە(٨) نیشان دراوە ، لە ساڵی (٢٠٠٢)دا ژمارەی مەڕ ( ٥٨٦٧٠ )سەر بوە،بەلام بۆ ساڵی( ٢٠١٢ ) کەمی کردوە بۆتە( ٤٢٥١٥ ) سەر، بەهەمان شێوە بزن لە( ٦٩٧٩٥) سەر دابەزیوە و بۆتە( ٥٩٥٧٥ ) سەر ، هەروەها مانگا بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کردوە لە (٢٥٣٠٤ )سەر لە ساڵی (٢٠٠٢) وە کەمیکردوە بۆ ( ١٣٣٦٦ )سەر لە ساڵی (٢٠١٢)دا، کۆی گشتی ئەم سێ جۆرە لە ئاژەڵ لەماوەی( ١٠) ساڵدا( ٣٨١٣ ) سەر کەمی کردوە،هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێك لەوانە.

١. هاوکاری نەکردنی حکومەت لە دابینکردنی پێویستیەکانی بەخێوکردنی ئاژەڵ، لە دەرمان و ئالیك، بەجۆرێك زۆرێك لەجوتیاران لەوەرزی زستان ناچارن بەنرخێکی گران ئالیك بۆ ئاژەڵەکانیان بکڕن ، ئەمەش وایلێهاتوە زۆرێك لەخێزانەکان لەهەوڵی کەمکردنەوەی ئاژەڵەکانیان بن، نەوەکو زیادکردنیان (چاوپێکەوتن، عبدالله نبی ،خەڵکی گوندی قەلاسەیدە، ٢٠١٦/٩/٢٦)

**خشتەی (٨)**

**ژمارەی ئاژەڵەکان لە قەزای ڕانیە لە (٢٠٠٢-٢٠١٢)**

| ساڵەکان | مەڕ | بزن | مانگا | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٢ | ٥٨٦٧٠ | ٦٩٧٩٥ | ٢٥٣٠٤ | ١٥٣٧٦٩ |
| ٢٠١٢ | ٤٢٥١٥ | ٥٩٥٧٥ | ١٣٣٦٦ | ١١٥٤٥٦ |

سەرچاوە:

بەڕیوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە،بەشی ئامار،ئاماری بلاونەکراوە ،٢٠٠٢-٢٠١٥.

٢. کەمبوونەوەی ژمارەی ئەو کەسانەی، کە پێشتر سەرگەرمی بەخێوکردنی ئاژەڵ بوون،بەهۆی دەستکەوتنی کار لە کەرتەکانی تر، بەتایبەتی کەرتی میری،ئەمەش هۆکارێکی زۆر کاریگەر بوە لەسەرکەم بوونەوەی ژمارەی ئاژەڵەکان، بەشێوەیەك هەندێك لەخاوەن ئاژەڵەکان بەهۆی دەست نەکەوتنی (شوان وگاوان) بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵەکانیان وازیان لە ئاژەڵداری هێناوە(چاوپێکەوتن،کاکە اسماعیل ،خەڵکی گوندی قەسرۆك ٢٠١٦/٩/٢٤).

٣. هەتاوەکو ئیستا لە ناوچەکە بازارێکی تایبەت نیە بۆ ساغ کردنەوەی بەرووبومە ئاژەڵەکانیان،ئەمەش زۆرجار گرفت دروست دەکات بۆ ئاژەڵدارەکان،چونکە هەڵبەزو دابەزی نرخی بەرووبومەکان زۆرجار ئاژەڵدارەکان نیگەران دەکات، بەجۆرێك لەورزی بەهار بەهۆی بوونی لەوەڕگا، بەرووبومی ئاژەڵی زیاد دەبێت لەبەرامبەردا نرخی ماست و شیر و پەنیرو قەیماغ بەئاستێك دادەبەرزێت، کەزۆرجار ناگاتە ئاستی ئەو زەحمەتەی کە ئاژەڵدارەکان دەیکێشن لە بەرهەم هێنانی .

٤.نەبونی کارگەی دروستکردنی ماست و شیر و پەنیر لە سنورەکەدا، ئەمەش وا دەکات بەشێکی زۆری ئەم بەرهەمی جوتیاران دوچاری خەراپبون ببن و نەفرۆشرێن، بەهۆی سروشتی ئەم جۆرە بەرهەمانە، کە دەبێ زو ساغبکرێنەوە، جگە لەوەی سنورەکان ئاوەلا کراون بە ڕوی هێنانی ئەم جۆرە بەرهەمانە لە دەرەوەی وڵات، بە تایبەت وڵاتانی دراوسێمان، کە زۆر جار نرخیان هەرزانترە لە بەرهەمە خۆماڵییەکان. ئەمەش وا لە خەڵکی ئاژەڵدار دەکات، کە بیر لە زیادکردنی بەرهەمەکانیان نەکەنەوە.

**ج- بواری پیشەسازی:**

پیشەسازی بەیەکێك لە چالاکیە گرنگەکانی ئابووری دادەنرێت، کە هاوبەشی دەکات لە دەسهاتی تاکەکەس،بەلاّم لەگەلّ پەرەسەندنی پیشەسازی لەسەر ئاستی جیهان ، ژمارەیەکی زۆر لە جوتیاران لادێکانیان جێهێشتو ڕویان کردە شارەکان، بۆ ئەنجامدانی کاری پیشەسازی(حسین،٦٢،٢٠٠٢).

لەسنوری قەزای ڕانیە ، زۆربەی کارگە پیشەسازیەکان لەسنووری شارەکان کۆبونەتەوە،هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی دەستی کاری پێویست لەشارەکان،ناڕێکی دابەشبوونی دانیشتوان لەنێوان شارو لادێکان کاریگەریەکی زۆری لەسەر بنیاتنانی کارگە پیشەسازیەکان داناوە،بەجۆرێك لەسالّی (٢٠١٥) ڕێژەی شارنشین گەیشتوتە (٨٨,٣٪) لەبەرامبەردا گوندنشین (١١,٧٪)بوە،ئەمە کاریگەریەکی زۆری لەسەر پەرەپێدانی پیشەسازی هەبوە،هەروەها بەهۆی کەم بوونەوەی دەستی کار لە گوندەکان، هەندێك پیشەی گوندنشینان بەرەو نەمان ڕۆیشتوە،کەواتە هەبوونی دانیشتوان کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر کرداری پەرەپێدان.

## ٢. کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی خزمەتگوزرایە کۆمەلاّیەتیەکان

پەرەپێدانی گوند بریتیە لە ستراتیژێکی تەواوکاری لەپێناو باشکردنی گوزەرانی ئابووری و کۆمەلاّیەتی کۆمەلگای لادێی، سەرباری پەرەپێدانی ئابووری لەسەرجەم بوارەکان،پەرەپێدانی لادێی ،پەرپێدانی ژێرخانی بنچینەیش لەخۆیدەگرێت، کە هەریەك لە خزمەتگوزاریەکانی فێرکردن و تەندروستی و ئاو کارەباو ڕێگاکانی گواستنەوە دەگرێتەوە (رمضان ،٤٠،٢٠١١).

لێرەدا هەولّدەدەین، کە پەیوەندی ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر دابەشبوونی دانیشتواندا هاتوە لە فەراهەمکردنی ئەم خزمەتگوزاریانە بخەینەڕوو.

بە تیبینی کردن لە خشتەی (٩) ، بۆمان دەردەکەوێت، کە گۆڕانکاری بەسەر خزمەتگوزاری فێرکردن و تەندروستیدا هاتوە، لەگوندەکانی قەزای ڕانیە بەم شێوەیەی خوارەوە:

- لەماوەی( ١٠) سالّدا ژمارەی خوێندگاکان لە گوندەکان تەنها( ٧ ) خوێندنگا زیادی کردوە، ئەویش تەنها بەزیادبوونی (١) قوتابخانەی سەرەتایی و( ٢ )قوتابخانەی ناوەندی و( ٤ )ئامادەیی.
- ئەمە لە کاتێکدا ئەم قوتابخانانە ژمارەیان زیاد بووە، کە گوندەکان ژمارەیان لە( ١٣٧) گوندەوە کەمیکردوە بۆ( ١٠٩) گوند لە نێوان سالآنی ( ٢٠٠٢-٢٠١٢) ، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەندیك لە گوندەکان خراونەتە نێو سنوری شارەوانی لەلایەك ، لەلایەکی تریش هەندێك گوند لەسالّی( ٢٠١٢ ) دانیشتوانی تێدا نەماوەو بەتەواوی چولّ بوە، هەربۆیە هەژمار نەکراوە.
- لەسالّی( ٢٠٠٢) ژمارەی ئەو گوندانەی، کە بێبەشبون لە قوتابخانەی سەرەتایی( ٩٠) گوند بوە، هەروەها( ١٣٦ ) گوند بێبەشبون لە قوتابخانەی ناوەندی،لە کاتێکدا( ١٣٧) گوندیش بێبەشبون لە قوتابخانەی ئامادەیی.
- لەسالّی( ٢٠١٢ ) ژمارەی ئەو گوندانەی، کە بێبەشن لەخزمەتگوزاری فێرکردن لەقوناغەکانی (سەرەتایی ٦١ گوند ) و ( ناوەندی ١٠٦ ) گوند و (ئامادەیی١٠٥ گوند) .

خشتەی(٩)

دابەشبونی خزمەتگوزارییە کۆمەلأیەتیەکان لە گوندەکانی قەزای ڕانیە(٢٠٠٢-٢٠١٢)

| سال | سەرەتای | ناوەندی | ئامادەی | کۆی گشتی | بنکەی تەندروستی | کارەبا | پرۆژەی ئاو | ژ.گوند |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٢ | ٤٧ | ١ | ٠ | ٤٨ | ١٠ | ٤٤ | ٤٩ | ١٣٧ |
| ٢٠١٢ | ٤٨ | ٣ | ٤ | ٥٥ | ٢٩ | ٩٥ | ١٠٩ | ١٠٩ |

سەرچاوە :

١. مديرية الإحصاء السليمانية ٢٠٠٢، ص ص ٤١-٤.

٢. بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلیمانی ،٢٠١٢ ، ئاماری بلاْونەکراوە.

- پەرەپێدانی مرۆیی بەپلەی یەکەم پشت دەبەستێت بە دوو لایەنی بنچینەیی، ئەوانیش تەندروستی و فێرکرنن،فێرکردن بە بنەمایەکی سەرەکی پەرەپێدانی لادێی دادەنرێت،( حنفی ،٢٠١٠، ٢٩٩)، چونکە بەشێکی زۆری پلانەکانی پەرەپێدان پێویستی بە جوتیار و هۆشیار و خوێندەوار هەیە، لە ماوەی ئەنجامدانی ڕاهێنانی جوتیاران ، بێگومان زیاتر ئەو کەسانە توانای وەرگرتنی ڕێنمایەکانیان هەیە کە خوێندەوارن،کەواتە لاوازیی ئاستی خوێندەواری دەبێتە کوسپێك لەبەردەم پرۆسەی پەرەپێدانی گوندەکان.
- گۆڕانی دابەشبوونی قەبارەییگوندنشینان کاریگەری لەسەر دابەشبوونی قوتابخانەکان هەیە،هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، گوندەکانی سنوری قەزای ڕانیە زیاتر لەدەستەی قەبارەی بچوکن، هەربۆیە ئەم دەستەیە ناکرێ سەرجەم خزمەتگوزاریەکانی بۆ دابینبکرێت بەتایبەتی لە بواری فێرکردن.

وەك لەخشتەی (١٠) نیشان دراوە، لە سالْی(٢٠١٠) دەستەی کەمتر لە( ٢٠٠ ) کەس خوێندنگای ئامادەیی تێدانیە،لە کاتێکدا ژمارەی گوندەکانی ئەم دەستەیە لەهەموو دەستەکانی تر زیاترن دەگاتە( ٨٦ )گوند و سەرجەمیان بێبەشن لە قوتابخانەی ئامادەیی.بەلأم دەستەی (١٠٠٠ ) کەس زیاتر ژمارەیان( ٤ ) گوندە( ٤ )قوتابخانەی سەرەتای و (١) قوتابخانەی ناوەندی و (١) قوتابخانەی ئامایی تێدایە،هەروەها دەستەی( ٢٠٠-٤٩٩ ) کەس بەهەمان شێوە قوتابخانەی ئامادەیی تێدانیە.دەستەی( ٥٠٠-٩٩٩ ) کەس بۆ هەرسێك قوناغی خوێندن قوتابخانەی تێدایە،ئەوەی لێرەدا جێگای تێبینیە ئەوەیە، دانیشتوانی ئەو گوندانەی دەکەونە دەستەی کەمتر لە (٢٠٠کەس) و (٢٠٠-٤٩٩ ) کەس کاتێك، کە منداڵەکانیان قوناغی سەرەتایی تەواو دەکەن پێویستە بڕون بۆ گوندەکانی دەوروبەریان یاخود سەنتەری شارەکان،ئەمەش بەهۆی هاتوچوکردنی رۆژانەیانەوە دەبێت، هەرئەمەش وادەکات زۆرجار خێزانەکان لەپێناو دابینکردنی دوارۆژی منداڵەکاڵیان کۆچ بکەن بۆ شار یاخود بەناچاری منداڵەکانیان واز لە پرۆسەی خوێندن دەهێنن، کە لە هەردوو دۆخەکەدا کاریگەری نەرێنی لەسەر لادێکان و پرۆسەی پەرەپێدانیان دروست دەکات.

## خشتەی (١٠)

### دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکردن بەگوێرەی دەستەی قەبارەی دانیشتوانی گوندەکان لەساڵی (٢٠١٢)

| ساڵەکان | کەمتر لە ٢٠٠ | | | | | ٢٠٠-٤٩٩ | | | | | ٥٠٠-٩٩٩ | | | | | ١٠٠٠ کەس زیاتر | | | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | سەرەتای | ناوەندی | ئامادەی | بنکەی تەندروستی | گوند | سەرەتای | ناوەندی | ئامادەی | بنکەی تەندروستی | گوند | سەرەتای | ناوەندی | ئامادەی | بنکەی تەندروستی | گوند | سەرەتای | ناوەندی | ئامادەی | بنکەی تەندروستی | گوند | |
| ٢٠١٢ | ٣٦ | ١ | - | ١٣ | ٨٦ | ١٤ | ٢ | - | ٧ | ١٥ | ٤ | ١ | ١ | ٤ | ٤ | ٤ | ١ | ١ | ٤ | ٤ | ١٠٩ |

سەرچاوە : بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلیمانی ،٢٠١٢ ، ئاماری بلاۆنەکراوە.

- سەبارەت بە خزمەتگوزاری تەندروستی گوندەکانی سنوری قەزای ڕانیە، تاڕادەیەکی زۆر بەهەژاری دەردەکەون، بەجۆرێك هیچ نەخوشخایەك لەسنوری گوندەکان بوونی نیە،بەڵکو زیاتر بنکەی تەندروستین لە خشتەی (٩) ئاماژەمان پێکردوە، کە ژمارەیەکی تاڕادەیەکی زۆر سنوردارن، لەساڵی (٢٠٠٢) ژمارەیان( ١٠) بنکە بوە، وە لەساڵی( ٢٠١٢ ) بۆتە (٢٩ ) بنکە ، بەم جۆرە بۆ ساڵی (٢٠١٢ ) نزیکە( ٨٠ )گوند بێبەشن لە خزمەتگوزاری تەندروستی.

هەروەکو لەخشتەی ژمارە(١٠) دەردەکەوێت زۆربەی ئەو گوندانەی، کە بێبەشن لە خزمەتگوزاری تەندروستی ئەو گوندنشینانەن، کە کەوتونەتە دەستەی قەبارەی بچوکەکان.کەمی خزمەتگوزاری تەندروستی، نیگەرانیەکی زۆری دروستکردوە بۆ گوندنشینان، چونکە بۆ چارەسەرکرنی نەخوشەکانیان ناچار دەبن بێن بۆ شاری ڕانیە، یاخود لەکاتی هەر ڕووداوێکی کتوپڕ ، بنکەکانی تەندروستی تەنها چارەسەری سەرەتایی ئەنجام دەدەن و ناچارن ڕووبکەنە شاری ڕانیە.

- سەبارەت بەبوونی پرۆژەی ئاو و کارەبا، بەگشتی گوندەکانی سنوری قەزای ڕانیە پێشکەوتنێکی باشیان بەخوییانەوە بینیوە،هەروەك لەخشتەی (٩) دەردەکەوێت ژمارەی ئەو گوندانەی، کە کارەبایان بۆ چوە زیادی کردوە لە( ٤٤ )گوند لە ساڵی( ٢٠٠٢) بۆ (٩٥ )گوند لە ساڵی (٢٠١٢ )، هەروەها ئەو گوندانەی پرۆژەی ئاویان هەیە لە( ٤٩ ) گوندەوە زیادی کردوە ( ١٠٩ ) گوند لەنێوان ساڵانی( ٢٠٠٢-٢٠١٢ )، ئەمەش پێشکەوتنێکی باشە لەم بوارەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی دانیشتوان لەم گوندانە بەرەو کەمبوونەوە چوە، بەهۆکاری کەمبوونەوەی هەلی کار لە گوندەکان.

دوای نیشاندانی ئامارەکان، دەکرێ بڵێین، ئاراستەی ئەو گۆڕانکاریەی ، کە بەسەر دابەشبوونی دانیشتواندا هاتوە لە قەزای ڕانیە، بەتایبەتی لە سنوری گوندەکان، هاوڕێك نەڕۆیشتوە لەگەڵ پەرەپێدانی لادێکان،چونکە لە ڕووی پەرەپێدانی ئابووری گوندنشینان ئاستی داهاتیان کە بەندە لەسەر کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بەرەو پێشەوە نەچوە ،هەروەها لەڕووی خزمەتگوزارییەکان، بەهەمان شێوە، ئەم خزمەتگوزارییانەی، کە بۆ گوندنشینان دابین،کراوە نەیتوانیوە ببێتە بنەمایەك بۆ گەڕانەوە یاخود مانەوەی گوندنشینان لە گوندەکانیان،بەڵکو بەپێچەوانەوە کەمی و خراپی ئاستی خزمەتگوزاری فێرکردن و تەندروستی بونەتە بنەمایەك بۆ کۆچکردنی گوندنشینان بۆ سەنتەری شارەکان.

لە کۆتایی ئەم باسە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە:

١.پەرەپێدانی کشتوکاڵ هاوسەنگ نەبوە، لەگەڵ گۆڕانی دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای ڕانیە، بەجۆرێك لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان،زیاتر لە سەنتەری شارەکان کۆبونەتەوە، هەرئەمەش وایکردوە بەرکەوتەی دانیشتوان لەزەوی شیاوی کشتوکاڵ و زەوی چێنراو زیاد بوە لەسەر دانیشتوانی گوندەکان و کارکەرانی کشتوکاڵ، ئەمەش کاریگەری خراپی کردۆتە سەر ئاستی بەرهەم بەجۆرێك بۆمان دەردەکەوێت سەرجەم بەرهەمە کشتوکاڵیەکان ئاستی بەرهەمیان کەمی کردوە.

٢. لەگەڵ کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی گوندەکان، خزمەتگوزاریەکانی فێرکردن و تەندروستی و خزمەتگوزاریە ژێرخانەییەکان، بۆ دانیشتوان لەئاستی پڕکردنەوەی پێداویستەکانی خەڵکی گوندەکاندا نەبوە، هەرئەمەش هۆکار بوە، بۆ بەردەوامی کۆچی دانیشوانی گوندەکان، و نەبوونی پرۆژەی پەرەپێدان بۆ بۆژانەوەی گوندەکان.

## دەرئەنجام:

لە کۆتایی توێژینەکەوەکەدا، دەکرێ ئەم ئەنجامانە بخەینەڕو:

١. هەڵکەوتەی شوێنی قەزای ڕانیە، بۆتە بنەمایەك بۆ دەرکەوتنی گۆڕانکاری لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان لەماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوە.

٢. ڕودانی نارێکی دابەشبوونی دانیشوان لەنێوان شارو گوندەکان، بەجۆرێك هەنگاوی ناوە کە کاریگەریەکی خراپی کردۆتە سەر کرداری پەرەپێدان، بەشێوەیەك زۆرترین ڕێژەی دانیشتوان لەشارەکان کۆبونەتەوە، کەلەساڵی ( ٢٠١٥) گەیشتۆتە(٨٨,٣٪ )، و ڕێژەی دانیشتوانی گوندشین کەمترە لە (١٢٪)ی کۆی دانیشتوانی قەزاکە.

٣. پێکهێنانی ڕێژەیەکی بەرز لەدەستەی قەبارەی بچوکی گوندنشینان، هۆکارێك بوە بۆ دابیننەکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، بەجۆرێك ڕێژەی نیوەی زیاتر لە گوندەکانی ئەم دەستەیە بێبەشن لە قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و بنکەی تەندروستی.

٤. بەردەوام هەڵکشانی دانیشتوانی شارو داکشانی گوندنشینان، کاریگەری خراپی کردۆتە سەر ئاستی بەرهەمی کشتوکاڵی و کەمبوونەوەی ڕووبەری زەوی داچێنراو بەجۆرێك ساڵی( ٢٠٠٢)ڕووبەرەکەی لە( ٧٠٣٩٠) کەمی کروە بۆ (٦٤٣٦٤) لەساڵی( ٢٠١٢ )، هەروەها ژمارەی ئاژەڵ لەم ماوەیەدا لە (١٥٣٧٦٩) کەمی کردوە بۆ (١١٥٤٥٦) .

٥. لەساڵی( ٢٠١٢ ) ژمارەی ئەو گوندانەی، کە بێبەشن لەخزمەتگوزاری فێرکردن لەقوناغەکانی سەرەتای( ٦١ ) گوند و ناوەندی( ١٠٦ ) گوند و ئامادەیی( ١٠٥ ) گوند وە نزیکەی ( ٨٠ ) گوند بێبەشن لە خزمەتگوزاری تەندروستی، ئەمەش کاریگەری خراپی کردۆتە سەر کرداری پەرەپێدانی گوندەکان.

٦. ناهاوسەنگی دابەشبونی دانیشتوانی قەزاکە، کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر گوندەکان و پەرەپێدانیان، کەمبونەوەی ژماری گوندنشینان، بیانویەکی باش دەداتە بەر دەستی حکومەتی خۆجێی قەزاکە، بۆ

ئەوەی خزمەتگوزاری پێویست بۆ لادێکان دابین نەکەن، چونکە دانانی بودجە و ئەنجامدانی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوانە، کە ئەمەش لە ئێستادا لە بەرژەوەندی گوندنشینان نیە، کە ساڵ دوای ساڵ ژمارەیان کەم دەکات.

## پێشنیار:

دوای گەیشتن بە چەند ئەنجامێك و بۆ چارەسەرکردنی ناهاوسەنگی دابەشبونی دانیشتوان و ئەنجامدانی پرۆسەی پەرەپێدان لە لادێکانی ناوچەی توێژینەوە، چەند پێشنیارێك دەخەینەڕو:

١. گرنگی دان بەدروستی داتا وزانیاریەکان لەسەر دانیشتوان لەلایەك و بەربوومەکشتوکاڵەکان لەلایەکی ترەوە، چونکە ئەم دوو لایەنە پەیوەندیەکی زۆریان بەیەکترەوە هەیە. وە بونی داتا و ژمارە پێویستییەکی زۆر گرنگن بۆ پرۆسەی پەرەپێدان.

٢. هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی ژمارەیەکی گونجاو لە گوندە بچوکەکان و دروستکردنی کۆمەڵگایەکی سەردەمیانە، لەپێناو دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان بەشێوەیەکی تەواوکاری بۆیان، ئەمەش دوای وەرگرتنی بۆچونیان و ڕازیبونیان بەوەی لەگەڵ چەند گوندێکی نزیکیان خزمەتگوزاری هاوبەشیان بۆ ئەنجامبدرێت، ئەوەش بە ئامانجی ئەوەی لە داهاتودا کێشە لە نێوان گوندنشینەکاندا ڕو نەدات، جگە لەوەی گوندنشیان مافی خۆیانە لە پرۆسەکانی پەرەپێدان پرسیان پێبکرێت و بەشداربن تیایدا، نەك دواتر پرۆسەکانی پەرەپێدان کێشە لە نێوان دانیشتوانی چەند گوندێك دروست بکات.

٣. یارمەتیدانی جوتیاران و خاوەن ئاژەڵەکان، لەپێناو ئەنجامدانی ئەم پیشەیە، بەشیوەیەکی زانستی و سەردەمیانە، بەجۆرێك لە بەرژەوەندی کارکەرانی ئەم بوارە کۆتایی بێت، وەکو پاڵپشتیکردنی جوتیاران بە دابینکردنی پێداویستیەکانیان و دامەزاندنی تاقیگەی کشتوکاڵی،بە ئامانجی دابینکردنی باشترین جۆر لە تۆ و پەین و چارەسەر کردنی ئافاتە کشتوکاڵیەکان و هەوڵدان بۆ هێنانی باشترین جۆری ئاژەڵ .

٤. هەوڵدان بۆ دامەزراندن، یاخوود گواستنەوەی بەشێك لە دامەزراوە پیشەسازییەکان بۆ سنوری گوندەکان، بەتایبەت ئەم پیشەسازیانەی ،کە پەیوەندییان بە کەرەستەی خاوی کشتوکاڵیەوە هەبێت، لەپێناو دابینکردنی هەلی کار بۆ خەڵکی گوندەکان بەتایبەت گوندەکانی سنوری ناحیەی سەرکەپکان و چوارقورنە.

سەرچاوەکان:

**یەکەم: بەزمانی کوردی**

أ. کتێب:


١. عدنان السید حسین،جێۆگرافیای (ئابوری – دانیشتوان)ی جیهانی هاوچەرخ ،وەرگێرانی : فەرمان عبدالرحمن و محمد فاتح ، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٢ .

ب. تێزەکان:

١. ڕۆستەم سەلام عەزیز، دابەشبوونی نشینگە گوندیەکانی قەزای کۆیە و کاریگەری لەسەرکرداری پەرەپێدان ، نامەیەکی ماستەر، پێشکەشی کۆلیژی پەروەردەی زاکۆی کۆیە کراوە ، لەساڵی (٢٠٠٦) .(بڵاوکراوە)

٢. جاسم محەمەد محەمەد عەلی، ڕۆڵی هۆکارەسیاسیەکان لەدابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگایسلێمانی ، نامەی ماستەر، پێشکەشی کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە ، ٢٠٠٧ .

**دووەم : بەزمانی عەرەبی**

أ. کتب:

١. أحمد عبدالله، (٢٠٠٨)، جغرافية التنمية- المفاهيم النظرية وأبعاد المكانية، مطبعة الجمعية الجغرافية، كويت.

٢. بشير ابراهيم الطيف (١٩٩٩)،التنمية الزراعية والتحديات - دراسة تحليلية لدور التنمية الزراعية في مواجهة الحصار الاقتصادي،مجلة الجمعية الجغرافية العراقية،العدد ٤٠،تموز .

٣. السيد حنفي عوض (٢٠١٠)،فيالديموجرافياالاجتماعيةالمشكلةالسكانيةوتحدياتالبقاء(بركانبشري) المكتبالجامعيالحديث،الإسكندرية.

٤. صالح خليل صقور(٢٠٠٨)،الهجرة الداخلية والتضخم الحضري (اشكالها ودوافعها واثرها على البلدان النامية الاردن/ حالة التطبيقية)،دار الزهران للنشر والتوزيع،عمان .

٥. عباسفاضل السعدي(١٩٧٦)،منطقةالزابالصغيرفيالعراق ، طبعةالاولى ، مطبعةاسعد ،بغداد.

٦. عبدالله غفور(٢٠٠٥)، التشكيلات الادارية في جنوبى كردستان،المديرية العامة للطباعة والنشر في وزارة الثقافة،اربيل.

٧. عيسى على ابراهيم وفتحي عبدالعزيز ابو راضى(٢٠٠٤)، جغرافية التنمية والبيئة ،دار النهضة العربية ،بيروت .

٨. محمدمحمدسعيد علي، (١٩٧٠) مشاريعالريالمقترحضمنمحافظةالسليمانية ،مطبعةبغداد.

٩. محمدهاديالدفتر،عبداللهحسن(١٩٥٨)، العراقالشمالي ،مطبعةالنهار، بغداد.

١٠. منصور الراوي (١٩٨١)، التوزيع السكاني في العراق وأبعاده الاقتصادية والاجتماعية، حلقة بحثية عن التوزيع السكاني و التنمية في الوطن العربي، مطبعة الأهلية، الكويت.

ب. گۆڤارەکان:

١. بشرىرمضانياسين(٢٠١١)،مقوماتالتنميةالريفيةفيإقليمأهوازمحافظةالبصرة،مجلةكليةالآداب،جامعةالبصرة،العدد(٥٧).

٢. عدلى سليمان ،(١٩٧٦)، وجهات نظر في التنمية الريفية ،مختار حمزة وزملائة ،دراسات في التنمية الريفية المتكاملة ،سلسلة التنمية الريفية المتكاملة ،مطبعة دار التاليف ،القاهرة.

ج. تێزەکان:

١. هەڵەت رشيدعبدالله ،علاقة المناخ بانتاجية التبغ في محافظة السليمانية ، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعةالموصل،٢٠٠٦ .

سێيەم: بەزمانى ئينگليزى

١. 1.JanRudengren .Peas (1981), Ants, By Preference? Socio-Economic and Environmental Aspects of Rural Development in Tanzania, Stockholm..

٢. 2.MiluMuyang and T. S. Jayne (2011), Effects of Population Density on Smallholder Agricultural Production and Commercialization in Rural Keny, Washington.

## ملخص باللغة العربية

## تغيير التوزيع الجغرافي للسكان واثره على التنمية الريفية في قضاء رانية

من الواضح في وقتنا الان، اهتم الكثير من الدول بالتنمية لاسيما التنمية الريفية، لانها تعد أهم المقومات الاساسية للتنمية الزراعية والصناعية والسياحية، انخفاض وارتفاع أعداد السكان وسوء توزيعاته،تعد احدى المعوقات التى تعيق عملية التنمية الاقتصادية والاجتماعية،خاصة في المستوطات الريفية، وعلى هذا الاساس يجب قبل البدء في عملية التنمية مراعاة نمط وحجم توزيعات السكان بمعنى ذلك ان عملية التنمية لن تصل إلى نتائج مثمرة، إذا لم يعمل على توزيع السكان بشكل اساسي.

أهمية هذا البحث: إن بيان كيفية توزيع السكان في اي اقليم او اي منطقة ،يكون المادة الاساسية للتخطيط الاقتصادي والاجتماعي والسياسي والبيئي . حسب اخر الاحصائيات التى قامت بها مديرية احصاء السليمانية . ان قضاء رانية تحتل المرتبة الاولى من ناحية عدد السكان على مستوى محافظة السليمانية، مما اعطى هذا البحث اهمية كثيرة ،لان التنمية عملية مهمة من اجل زيادة خدمة السكان، وكذلك توفير البيانات والمعلومات الخاصةبالنمو وكيفية توزيع سكان قضاء رانية ،واظهار تغير توزيع سكانها، شىء اساسي وضروري لوضع خطة التنمية الريفية. وكذلك يستفيد المسؤلين اثناء وضع خطة التنمية لكافة مجالات .

اِن الهدف الرئيسى لهذا الدراسة ،هوالكشف عن تغيير توزيع السكاني في قضاء رانيه و توضيح تأثيراتها على عملية التنمية الريفية، وهذا شىء اساسي ومهم لبيان المشاكل التى تعيق عملية التنمية الريفية.

خطة البحث : تتكون هذا الدراسة من ثلاثة مباحث ، خصص المبحث الاول لتعريف منطقة الدراسة، وخصص المبحث الثاني لدراسة تغير التوزيع الجغرافي لسكان قضاء رانية ويتناول المبحث الثالث اثر تغير توزيع السكان على عملية التنمية الريفية.

وعلى ضوء ماذكر فان الدراسة توصلت الى عدد من الاستنتاجات و التوصيات المناسبة .

## Abstract

## Population distribution change and its impacts on rural development in Ranya District.

Development has become one of the most significant aspects in many countries, particularly rural development since it is considered as a pillar for agricultural, industrial, and tourism development. Population increase or decrease, and unequal distribution of population are one of the obstacles of economic and social development in rural areas. From that point of view, it is essential for any development plan to take into account population distribution. In other words, development plans cannot achieve their goals if they don't consider population distribution in their plans.

The importance of this paper is it shows the patterns of population distribution which can facilitate in economic, social, political, and environmental planning. According the latest statistics from directorate of Sulaymani statistics, in terms of the number of population, Ranya district is ranked number one on governorate level. Therefore, this research is of particular importance because development is a crucial step towards serving the population of the study area. Also, it offers high quality data regarding the changes in population distribution which are essential for rural development plans in all aspects.

The main aim of this paper is to show the changes in population distribution in Ranya district and its impacts on rural development which is important for identifying development challenges.

The paper is divided into three sections. The first section dedicated to introduce Ranya district geographically. The second section is discussing changes in population distribution in the study area. The finals section is clarifying the influences of changes in population distribution patterns on rural development.

The study is concluded with some results and recommendations.